## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە
## بڕیار
## ژمارە ( ١٦ ) ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٢٣) لە ٥/ ٦/٢٠١٢ بریارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە ( ٥ )ی ساڵی٢٠١٢
## یاسای دووەمین هەمواری یاسای ئەکادیمیای کوردی
## ژمارە ( ١٢ )ی ساڵی ١٩٩٧ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان- عیراق

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی دووەمی یاساکە هەموار دەکرێت و، بەم شێوەیەی دادێ دەخوێندرێتەوە:
ئەکادیمیای کوردی خاوەن کەسایەتییەکی سەربەخۆی مەعنەوییە و یەکێکە لە چاوگە باڵاکان لەهەموو شتێکی پەیوەندیی بە زمانی کوردی و شێوەزارەکانی و پاراستن و دەوڵەمەند کردنییەوە هەبێ، بە مەبەستی گەیشتن بە زمانێکی یەکگرتووی فەرمی .

**ماددەی دووەم:**

ماددەی چوارەمی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە و ئەمەی دادێ جێی دەگرێتەوە:
ماددەی چوارەم: ئەکادیمیا کار بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم ئامانجانەی دادێ دەکات:
**یەکەم:** پاراستنی زمانی کوردی و کار کردن بۆ ئامادە کردنی توێژینەوە، کە ڕەنگە زەمینەی گونجاو بۆ یەکخستنی زاراوەکانی بە سوود وەرگرتن لە شێوەزارەکانی بخولقێنێ.

**دووەم:** بەرز کردنەوەی ئاستی توێژینەوەی کوردی بۆ هاوشان رۆیشتن لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی و کولتووری .

**سێیەم:** زیندوو کردنەوەی کولتووری کورد لە زانست و وێژە و هونەر و پیشان دانی رۆڵی زانایانی کورد تێیدا.

**چوارەم:** بایەخ دان بە لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورد و کوردستان و شارستانیەتەکەی .

**پێنجەم:** وردبوونەوە لە ناونیشانی تابلۆی شەقامە گشتییەکانی شار و شارۆچکەکان و ناوی قوتابخانەکان و شوێنەکانی خواپەرستی و نووسینگە و شوێنانی بازرگانی و نابازرگانی لە رووی زمانەوە و راسپاردن بە دووبارە ناونانەوەیان بە ناوی ناودارانی کوردستان و هێماکانی و ئاگادار کردنەوەی لایەنانی پەیوەندیدار بۆ گرتنەبەری ئەوەی پێویستە لەبارەیانەوە.

**شەشەم:** گرێدانی پەیوەندی لەگەڵ ئەکادیمیاکانی زانستی و زانکۆکان و ناوەندەکانی توێژینەوەی زانستی و بەتین کردن و بەهێز کردنی لە ناوەوەی هەرێم و دەرەوەیدا .

**حەوتەم:** کار کردن بۆ دەوڵەمەند کردنی دەستەواژەکان و یەکخستنیان لە پرۆگرامەکانی پەروەردە و فێرکردن بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە .

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی (پێنجەم)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی دادێ دەخوێندرێتەوە:

ئەکادیمیا بەم شێوانەی دادێ ئامانجەکانی بەدی دەهێنێت:

**یەکەم:** دانانی فەرهەنگ و سەرچاوە و ئەنسکلۆپیدیای زانستی و زمانەوانی .

**دووەم:** دەرکردنی گۆڤارێکی دەوریی ئەکادیمی.

**سێیەم:** بڵاوکردنەوە و وەرگێڕانی کتێبی زانستی و زمانەوانی و گرێدانی کۆڕ و کۆنگرە و سازکردنی وەرزی زانستی و کولتووری و بەشداری کردن تێیاندا لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمدا.

**چوارەم:** پشتیوانی کردن لە زانا و توێژەر و ئەدیبان .

**پێنجەم:** دامەزراندنی ناوەندێکی بەڵگەنامە و دەستنووسی تایبەت بە ئەکادیمیا .

**شەشەم:** هەماهەنگی و کار کردن لەگەڵ لایەنانی حکومی و ناحکومیی پەیوەندیدار بەو ئامانجانەی ئەکادیمیا کاریان لە پێناودا دەکات .

**حەوتەم:** هاندانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لە بواری زمان و دیرۆك و کەلەپور .

**ماددەی چوارەم:**

بڕگەکانی (أ/١) و (ب/١) لە ماددەی (حەوتەم)ی یاساکە هەموار دەکرێن، و بڕگەی (ج/٢)ی ماددەکە هەڵدەوەشێنرێتەوە و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێنەوە:

أ ـ مەرجی ئەندامی کارا:

١ـ هاووڵاتیی هەرێمی کوردستان بێت.

ب ـ مەرجە ئەندامی یاریدەدەر:

١ـ زمانی کوردی بە رەوانی بزانێت.

**ماددەی پێنجەم:**

بڕگەی (أ) لە ماددەی (دەیەم)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی دادێ دەخوێندرێتەوە:
ماددەی دەیەم/ أ: سەرۆکی ئەکادیمیا بە ئامادەبوونی دوو لە سەر سێی ئەندامانی کارا بە لای کەمەوە و بە دەنگدانی نهێنی و بە زۆرینەی رەها بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێت کە بۆ یەك جار قابیلی نوێ کردنەوەیە و، لەم بارەیەشەوە فەرمانێك لە سەرۆکایەتیی هەرێمەوە دەردەچێت).

**ماددەی شەشەم:**

ماددەی (یازدەم)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی دادێ دەخوێندرێتەوە:
سەرۆکی ئەکادیمیا جێگرێکی دەبێ کە ئەنجومەنی ئەکادیمیا لە نێو ئەندامانی کارایدا ، بە هەمان ئەو میکانیزمە هەڵی دەبژێرێت کە سەرۆکی پێ هەڵدەبژێرێت و بۆ ماوەی (چوار ساڵ) کە بۆ یەك جار قابیلی نوێ کردنەوەیە، جێی سەرۆکیش لە کاتی ئامادە نەبوونیدا دەگرێتەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

هەردوو بڕگەی (ج) و (د) لە ماددەی بیست و یەکەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێنەوە:

ج ـ پاداشتێکی مانگانە بە ئەندامانی ناخۆتەرخان (ناموتەفەڕغ)ی ئەنجومەنی ئەکادیمیا دەدرێت.

د ـ لە حاڵەتی کۆتایی هاتنی ئەندامیەتیی ئەندامی کارای ناخۆتەرخان، مووچەیەکی خانەنشینیی بۆ دەبڕدرێتەوە ئەگەر مووچەی نەبێت و پەیوەست بە وەزیفەیەکی دیکەوە نەبێت.

**مادددەی هەشتەم:**

ماددەی (بیست و دووەم)ی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە و ئەمەی دادێ جێی دەگرێتەوە:

**یەکەم:** ئەندامی کارا کاری خۆی لە نێو ئەکادیمیادا دەکات و بەشداری لە لیژنەکانی و کۆبوونەوەکانی و چالاکییە زانستییەکانیدا دەکات .

**دووەم:** ئەندامی کارا لە یەکێك لەم حاڵەتانەی دادێ ، ئەندامێتی لەدەست دەدات :

١ـ دەست لە کار کێشانەوە .

٢ـ ئەگەر لە سێ کۆبوونەوەی دوا بە دوای یەکدا بەبێ پاساوێکی رەوا ئامادە نەبوو یان بەشێوەیەکی باش بەردەوامی بە ئەرکی خۆی نەدا، ئەویش بە بڕیاری ئەنجومەنی ئەکادیمیا و بەدەنگدانی نهێنی دەبێت .

٣ـ ئەگەر بە تاوانێك یان کەتنێکی ئابڕووبەر حوکم درا .

٤ـ مردن .

**سێیەم:** لە کاتی بەتاڵ مانەوەی شوێنی ئەندامێك لە ئەندامانی ئەنجومەن، سەرۆك لە یەکەمین دانیشتندا ئەوە رادەگەیەنێت و لە ماوەی (سێ مانگ)دا بە بڕیاری ئەنجومەنی ئەکادیمیا پڕ دەکرێتەوە.

**ماددەی نۆیەم:**

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنانی پەیوەندیدارکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی دەیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوواندنییەوە کاری پێدەکرێت و، لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

٢٦/ حوزەیران /٢٠١٢ ی زایینی

٦/ پوشپەڕ / ٢٧١٢ ی کوردی

٦ / شەعبان / ١٤٣٣ کۆچی